# گەلی رۆژی ROJI GEL

هەفتەنامەیەکی سیاسی رۆشنبیریی گشتییە، حزبی رزگاریی کوردستان دەری دەکات

ژمارە (١٧٦) یەکشەممە ٢٠٠٧/٤/٢٩


## ئەمریکا دۆڕاوەو ئامانجەکانی دوور دەکەوێتەوە

**مایک ویتنی** لە ماڵپەڕی گلۆباڵ ریسێرشدا نووسیویەتی : ئەمریکا لە عێراق شکستی خواردووە، ئەمەش واتای ئەوە نیە کە لە زووترین کاتدا هێزەکانی لە عێراق دەکێشێتەوە، بەڵام واتای ئەوەیە کە لە ڕێگەی جەنگەوە هیچ دەلیڤەیەک بۆ گەیشتن بە ئامانجەکانی لەبەردەم نەماوەتەوە. هەروەها عێراقیش نابێتە دەوڵەتێکی دیموکراسی و پڕۆسەی ئاوەدانکردنەوەشی تێدا بەڕێوەناچێ ، بە بەردەوامیش رەوشی ئاسایشی بەرەو خراپترو ئاڵۆزی زیاتر دەڕوات .

مایک ویتنی لە درێژەی بابەتەکەیدا نووسیوویەتی: ئەمریکا پشتیوانی جەماوەری خۆی لە دەست داوە و ناتوانێ لەم شەڕەدا سەربکەوێ، هەروەها دەستەڵاتێکی ئەخلاقیشی نیە تا وڵاتانی جیهان باوەڕی پێبکەن، ئەمەش لە ئامانجەکانی دووری دەخاتەوە.

# راپۆرتێکی نێودەوڵەتی سەبارەت بە پێشێلکاریەکانی مافی مرۆڤ رەخنە لە عێراق دەگرێ

رۆژی ٢٥-٤-٢٠٠٧ نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان کە بۆ هاوکاری عێراق هاتووە سەبارەت بە سێ مانگی یەکەمی ساڵی ٢٠٠٧ راپۆرتێکی تایبەتی بڵاوکردەوە، سەبارەت بە رەوشی مافی مرۆڤ رەخنەی توندی لە حکومەتی عێراق گرتووەو بەوە تۆمەتباری کردووە کە ژمارەی راستی کوژراوەکان ئاشکرا ناکات، هەروەها لە هەرێمی کوردستانیش دا گوشار لە رۆژنامەوان دەکرێ و توندوتیژی بەرانبەر ژنان بەڕێوەدەچێ.

نێردەی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دان بەوە دەنێ کە نەیانتوانیووە ئامارێکی تەواوی کوژراوەکانی ساڵی ٢٠٠٦ بکەن، بەڵام بۆیان دەرکەوتووە لە هەردوو مانگی نۆڤێمبەرو دیسێمبەری ساڵی ٢٠٠٦دا زیاتر لە ٦٣٧٦ کەسی سڤیل کوژراون.

راپۆرتەکە دەڵێ وێڕای ئەوەی کە پلانی ئاسایش لە شاری بەغداد هەڵگیراوەتەوە بەڵام ژمارەی کوژراوەکان زیادیان کردووە، ئەمەش پێچەوانەی قسەی بەرپرسەکانی عێراقە کە بەردەوام جەخت لەسەر کەمبوونەوەی ژمارەی کوژراوەکان دەکەنەوە و باس لە باشبوونی رەوشی ئاسایش دەکەن .

رێکخراوی مافی مرۆڤ سەبارەت بە هەرێمی کوردستان پێیوایە کە دەستەڵاتداران پێشێلکاری بەرانبەر رۆژنامەوان دەکەن، دەیانگرن و رێوشوێنی یاسایی لە دژیاندا دەگرنەبەر تا گەندەڵیەکان ئاشکرا نەکەن، هەروەها رەخنەی لە رەفتاری دەستەڵاتداران گرتووە کە رێگری لەو کارەساتانە ناکەن کە لەپەنای تاوانی شەرەفەوە دژ بە ژنان ئەنجام دەدرێن. راپۆرتەکە باس لە چل رووداوی سووتاندن و خنکاندنی کچان و ژنانی هەر سێ پارێزگاکەی ژێردەستەڵاتی حکومەتی هەرێم دەکات کە بەبیانۆی گومان کردن لە رەفیاریان ئەنجام دراون .

ئەوەی شیاوی باسە ئەوە یەکەمین راپۆرتی نێودەوڵەتیە کە راشکاوانە رەخنە لە حکومەتی عێراق و کاربەدەستانی حکومەتی هەرێمی کوردستان بگرێ، بەڵام دوای بڵاوبوونەوەی راپۆرتەکە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق رەخنەکانی بۆ وەرنەگیراو بە توندی رەتی کردنەوە.

## مالیکی داوای تەواوکردنی دیواری ئەعزەمیە دەکات

**هەواڵەکان**: رۆژی ٢٧-٤-٢٠٠٧ سەدان کەس لە لایەنگرانی رەوتی سەدر لە شاری بەغداد دا رێپێوانێکیان سازکردو داوای هەڵوەشانەوەی بڕیاری دروستکردنی دیواری ئەعزەمیەیان کرد. لەلایەکی دیکەوە دانیشتووانی گەڕەکی ئەعزەمیە نارەزایی خۆیان دەردەبڕی ئەگەر دیوارەکە تەواو نەکرێ و بە سیمی خالدار دروست بکرێ. لەهەمان کاتدا هێزەکانی ئەمریکارایانگەیاند کە نوری مالیکی سەرۆکوەزیرانی عێراق داوای لێکردوون دیوارەکە تەواو بکەن، هەرچەندە پێشتر نارەزایی خۆی بەرانبەر بە دروستکردنی دیوارەکە دیاریکردبوو. لەهەمان کاتدا هێزەکانی ئەمریکا ئاشکرایان کردووە کە رێزدار سەرۆک تالەبانی نیگەرانی خۆی پێشانداوە بەڵام داوای هەڵوەشانەوەی بڕیارەکەی نەکردووە، چونکە هەموو لایەک دەزانن کە دروست کردنی دیوارەکە لە بەرژەوەندی دانیشتووانی گەڕەکەکەو رەوشی ئاسایشی شاری بەغداد دایە !!

## سوپای تورکیا هەڕەشە لە حکومەت دەکات

کاتژمێر ٢٣ی رۆژی ٢٧-٤-٢٠٠٧ لەماڵپەری سوپای تورکیادا راگەیاندراوێکی هەڕەشەئامێز بڵاوکرایەوە کە ئیمزای سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا پێوەبوو. لە راگەیاندراوەکەدا بە ئاشکرا هەڕەشە لە حکومەت و حزبی دادو گەشەپێدان کراوە کە دەیانەوێ سیستەمی عەلمانی وڵات بگۆڕن و ئەندامی حزبێکی ئیسلامی بکەن بە سەرۆک کۆمار.

راگەیاندراوەکە ناوی عەبدوڵڵا گولی وەزیری دەرەوەی تورکیای نەهێناوە کە بۆ سەرۆکایەتی کۆماری تورکیا بەربژاری یەکەمی حزبی دادوگەشەپێدانی دەستەڵاتدارە، بەڵام راشکاوانە باس لەوە کراوە کە ئەوان رێگە نادەن سیستەمی وڵات بگۆڕدرێ، ئەمەش واتای ئەوەیە کە کۆدێتا بەرێوەیە.

چاودێرانی سیاسی بە هۆشیاریەوە راگەیاندراوەکەی سەرۆکایەتی ئەرکانی سوپای تورکیا دەخوێننەوەو پێیانوایە کە دەست تێوەردانێکی ئاشکرای ژەنەراڵە سەربازیەکانە لە کاروباری سیاسی وڵات کە ئەمەش لەگەڵ بنەماکانی دیموکراسی و سکۆلاریزم یەک ناگرێتەوە

دوای بڵاوبوونەوەی ئەم هەواڵە وتەبێژی وەزارەتی دەرەوەی ئەمریکا بە فەرمی رایگەیاند کە ئەمریکا پشتیوانی لە دیموکراسی دەکات و دەخوازێ سەرکۆمار بە رێگەی دیموکراسی و لە چوارچێوەی بنەماکانی یاسا هەڵبژێردرێ . لە کۆتاییدا رایگەیاند کە ئەوان بە تەواوی دژی هەڕەشەکانی سەربازی رادەوەستن .

## سۆلانا: با ئێران و ئەمریکا دانوستاندن بکەن



خافییر سۆلانا رێکخەری کاروباری دەرەوەی یەکێتی ئەوروپا دوای دیداری لەگەڵ عەلی لاریجانی نوێنەری ئێران، لە بەردەم شارەزایانی نێودەوڵەتی داوای لە واشنگتۆن کرد کە راستەوخۆ دەست بە دانوستاندن لەگەڵ تاران بکات.

سۆلانا لە بەردەم ژمارەیەک شارەزایانی رامیاری ئەمریکاو وڵاتانی ئەوروپا لە بروکسل رایگەیاند کە دوای دیداری لەگەڵ عەلی لاریجانی گەیشتۆتە ئەو باوەڕەی کە ئێرانیەکان بە راستی دەیانەوێ دانوستاندن لەگەڵ ئەمریکادا بکەن.

سۆلانا ئاماژەی بە پچڕانی پەیوەندی نێوان تاران و واشنگتۆن کرد، هیوای خواست لە رێگەی دانوستاندنەوە تەمی گومانی نێوانیان بڕەوێننەوە، چونکە ئەمریکا کۆماری ئیسلامی ئێران بەوە تۆمەتبار دەکات کە دەیەوێ چەکی ئەتۆمی بەدەست بهێنێ، بەڵام ئێران سەرسەختانە ئەو تۆمەتانە رەت دەکاتەوە، پیتاندنی یۆرانیۆمیش بۆ بواری خزمەتگوزاری بە گرنگ و پێویست دەزانێ، بەمەش خراپ تێگەیشتن لە نێوانیاندا هەیە .

سۆلانا رایگەیاند کە رامانەکان لەیەکتر نزیک بوونەتەوە، لەهەفتەی داهاتووش دانوستاندنەکانی نێوان ئێران و یەکێتی ئەوروپا درێژەی دەبێ، بەڵام هیچ یەک لە سۆلاناو لاریجانی ئاماژەیان بە رێککەوتنی مامناوەندی نەکردو ناشزانرێ کە چ رۆژێک دووبارە کۆدەبنەوە.

ئەوەی شیاوی باسە زۆر جاران بەرپرسانی ئێران رایانگەیاندووە کە پێش دەستپێکردنی هەر جۆرە دانوستاندنێک دەبێ واشنگتۆن رەفتاری خۆی لەبەرانبەر ئێران بگۆڕێ، مەرجی ئەمریکاش بۆ دیداری نێوانیان ئەوەیە کە بەر لە دانیشتن پڕۆسەی پیتاندنی یۆرانیۆم دابگیرێ.

## دانیمارک بە رەشبینەوە لە رەوشی عێراق دەڕوانێ



**سۆرین** گاد وەزیری بەرگری دانیمارک دوای گەڕانەوەی لە سەردانەکەی بەغداد بە رۆژنامەوانانی راگەیاند کە بۆخۆی لەو باوەڕەدانیە کە دوای کێشانەوەی هێزەکانی دانیمارک ئاشتی و ئارامی لە عێراق بێتەدێ. ناوبراو لایەنە عێراقیەکانی بەوەتۆمەتبار کرد کە لەسەر دەستەڵات شەڕی یەکتر دەکەن، بەڵام هیوای خواست کە عێراقیەکان بۆخۆیان رێکبکەون و رێگەیەکی گونجاو بۆ چارەسەرکردنی کێشەکانیان بدۆزنەوە.

شیاوی باسە کە حکومەتی دانیمارک بڕیاری داوە لە مانگی ئابی داهاتوودا هێزەکانی خۆی لە عێراق کە بریتین لە چوارسەدو سی سەرباز بکێشێتەوە.

## رۆژەڤ

بۆ رێگرتن لە شاڵاوی کۆچکردنی لاوان ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە هەم کار بۆ بێکاران پەیدا بکات، هەم لانی کەم دەرچووانی زانکۆ دابمەزرێنێ، دەنا بەم خەمساردیەی کە ئێستا هەیەو بەهۆی شاڵاوی کۆچکردنی لاوان بۆ هەندەران زیانێکی گەورە لە داهاتووی نیشتمان دەکەوێ.

بەرپرسانی حکومەتی هەرێمی کوردستان دەبێ وردبیانە لێدوان بدەن و رووداوەکان شرۆڤە بکەن، نابێ لە رێگەی راگەیاندنەوە گەنجان بەرەو هەندەران دڵگەرم بکەن.

بەرپرسانی حکومەت دەبێ شێلگیرانە تێبکۆشن و بیرۆکە و کەلکەلەی بەجێهێشتنی وڵات لە مێشک و هزری ئەوانەوە دوور بخەنەوە کە بە نیازن بەرەو هەندەران سەری خۆیان هەڵبگرن، بۆ ئەم مەبەستەش دەبی هەوڵی دابینکردنی بژێوی خەڵک بدەن، بەڵام بە داخەوە لێدوانەکانی هەندێ بەرپرس رێگەی کۆچکردن لەبەردەم خەڵک ئاوەڵا دەکاتەوە.

لەرۆژانی رابردوو بەهۆی لێدوانی بەرپرسێک کە گوایە حکومەتی ئەمریکا دەرگە بۆ پەنابەرانی عێراقی دەکاتەوە ژمارەیەک گەنج و لاوی دەڤەری بادینان بە راکردن بەرەو سوریا بەرێکەوتن. ئێستا لاوانی کوردستان بۆ بەدواداچوونی هەواڵەکە بە لێشاو بەرەو سوریا دەڕۆن و دەیانەوێ لە نزیکترین شوێندا پەیوەندی بە کۆمیسارياى پەنابەران یان باڵیۆزخانەی ئەمریکاوە بکەن، ئەوان بەهۆی ئەو لێدوانەوە بۆ مسۆگەرکردنی مافی پەنابەری و مانەوە لە وڵاتە یەکگرتووەکانی ئەمریکا دەیانەوێ بەختی خۆیان تاقی بکەنەوە.

هەواڵەکە راست بێ یان درۆ کێشەیەکی هەنووکەیی دروست کردووە، بەهۆی ئەو لێدوانەوە لاوان دڵگەرم کراون تا سەری خۆیان بەرەو هەندەران هەڵبگرن ، لاوان هاندراون تا بەشێکی دیکە لە هێزی هزرو بازوو بەرەو نادیاری بڕۆن و لە کوردستان دوور بکەونەوە. ئەو دەنگۆیە لە پارێزگای موسڵ بە ئەندازەیەکی مەزن و بەرفراوان دەنگی داوەتەوە، گروپە دەمارگیرو رەگەزپەرستە عەرەبەکانیش هانی کورد دەدەن تا پارێزگاکە چۆل بکەن، بۆیە دەبێ بگوترێ کە بەر لەهەموو کەسێک دوژمن و داگیرکەران سوود لە رۆیشتنی لاوان وەردەگرن، بە تایبەتیش کە دەنگۆیەکە لە دەڤەری بادینان و پارێزگاری موسڵ بڵاوبۆتەوە.

ئەرکی حکومەتی هەرێمی کوردستانە کە ژیان و ئازادی بۆ دانیشتووانەکەی دابین بکات، حکومەت لە کێشەو گرفتەکانی خەڵک بەرپرسیارە، حکومەت وەڵامگۆی مسۆگەرکردنی داخوازیەکانی جەماوەرە، دەبێ لەکاتی پێویستی و تەنگانەدا هاوکاری و کۆمەکیان پێبکات.

لێرەدا بەرپرسیارێتی مێژووی لە ئەستۆی حکومەت دەکەوێ کە دەبێ هەم راستیەکان بۆ جەماوەر روون بکاتەوەو ئەو بانگەشەو دەنگۆیانە بە درۆ بخاتەوە کە باس لە ئاوەڵاکردنی باوەشی ئەمریکا بۆ پەنابەران دەکەن، هەمیش خێراتر هەنگاوی کردەیی بۆ بەئەنجام گەیاندنی پرۆژە خزمەتگوزاریەکان هەڵبگرێتەوە، دیاردەی بێکاری چارەسەر بکات، مووچە بۆ بنەماڵە بێ داهاتەکان ببڕێتەوە.

## لەم ژمارەیەدا


ل٣
کاندیدەکانی دیموکراتیخوازەکان بووش تۆمەتبار دەکەن

ل٤
مەی خواردنەوەی ئافرەتان لەکۆمەڵگەی کوردەواریدا

ل٥
دیوارەکانی بەغداو بەرلین و فەلەستین


